# ئاوایی گۆمەزەردی
# لەنێوان ئەنفال و پەراوێزکردندا



سەلام عەبدوڵا

بۆ ئەوەی یەکێك بگاتە ئاوایی گۆمەزەرد دەبێ لە کەلارەوە بەرەو سەید خەلیل ئەوجا لەناو کانی چایلە و میلان بڕوات تا لە پڕێکدا پاش نیو سەعات، گۆمەزەرد لەدوورەوە، بەڕاوەستانەوە، بەخێرهاتنی هەموو کەسێکی دۆست، ناسیاو و بێوەیەك دەکات. لەناوەڕاستی هەشتاکاندا، نزیکەی 21خێزانی جووتیار لەوێ جێنشین بوون و هەروا مەڵبەندی هێزی پێشمەرگەش بوو. لەکاتژمێری 4ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی1988/4/4 فاشیستەکانی بەغدا ئاوایی(گۆمە زەرد)یان کرد بە گۆمەسوور و زۆربەی دانیشتوانەکەیان ئەنفال کرد.



یاسین مەحەمەد قادر کە ئێستا دانیشتوی کەلاری کۆنە و یەکێکە لەوانەی کە لە شاڵاوی فاشیستی بەعس رزگاری بوو، وتی: من چوار خوشکم ئەنفالکران و ئەمەش ناو و ناسنامەکانیانە( 1-رابیعە مەحەمەد قادر2- ئاهومەحەمەد قادر3- پەروین مەحەمەد قادر4- رەزیە مەحەمەد قادر. هەر چواریان منداڵبوون و تەمەنیان لەنێوان 8-12بوو). ئەو کاتە من تەمەنم17ساڵ بوو. ئەمەش ناوی خزمە ئەنفالکراوەکانمە:

5-موستەفا قادر مەحمەد، 6-جەزا موستەفا 7-مەحەمەد موستەفا8-مەحمود موستەفا9-پیرۆز موستەفا10-مهراب موستەفا 11- مەحمود قادر مەحمود12- کافیە قادر فەتاح13-لەتیفە مەحمود قادر 14- عومەر مەحمود قادر 15-



ئەحمەد مەحمود قادر16-حوسین قادر مەحمود17-فاتمە مەحمود عارف18-جەزا حوسین قادر 19-مەحەمەد عەبدولهادی قادر20- عەتا قادر21- عەفاو مەحمود عەزیز22- مەحمود حەسەن مەحەمەد((لەگەل 4 کوڕی))26- بەدریە عەلی فەرەج((لەگەل 4منداڵی)29-سەعدیە حەسەن مەحمود((لەگەل 2منداڵی)



ئەنفالچییەکان جاشیان لەگەل بوو؟

وڵام: زۆربەیان جاش بوون.

پرسیار: سەرۆك جاشەکان دەناسن؟

وڵام: مـن نـەمزانی فـەوجی کـام جـاش بـوون، بـەڵام فـەوجی مەحەمـەد عیـسا و فـەتاح بـەگ بـۆ دێهاتـەکانی ئێمـە دەردەچوون.

دیارە ئەوەی بیەوێ ڕیپۆرتاژێك لەبارەی ئەنفال ئامادەبکات، دەبێ بەرەو پایتەختی ئەنفالکراوەکان(رزگاری) بڕوات.

دایکە پـیرۆز حەسـەن وتـی: پـاش ڕاپـەڕین 6-7ماڵێـك بـۆ گۆمـەزەرد گەڕاینـەوە، بـەڵام ئێـستا تـەنها یـەك خێـزان لـەوێ نیشتەجێ بوون. زۆربەمان لە رزگاری جێنشین بووین.

چاوەڕوانی چی دەکەن لە دادگاییکردنی سەددام و دارودەستەکەی؟

وڵام: چاوەڕوانم بەشێوەیەکی عادیلانە دادگایی بکرێت. لەڕاستیدا، ئـەو چـی بەسـەر ئێمـەی هێنـا، دەبـێ هـەنر وای لـێ بکرێت.

ئایـا سـەرۆککۆمار، سـەرۆکوەزیران، پـارێزەر، قائیمقـام، بەڕێوبـەری ناحیـە، بەرپرسـی مەڵبەنـد یـان لـق، سـەردانی ئێوەیانکردووە؟

وڵام: نەخێر

پرسیار: بۆچی؟

وڵام: خۆیان دەزانن، هەڵبەت لەبیریان نەماوین


پرسیار: ئایا هیچ خزمەتگوزارییەکتان بۆ کراوە؟

وڵام: بەڵێ. ڕێکخراوە بیانییەکان پرۆژەی ئاو، 10 حەسیر، 20دار، 5کیـسە چـیمەنتۆ، بێڵێـك و تانکییـەکیان بەسـەرمان دابەشکرد.

پرسیار: هەر ئەوەندە؟

وڵام: بەهـەر بێـوەژنێکیش 2 مـەڕ و 2 بـەرخیان دا. یەکـەم جـار ڕێکخـراوی(کـرۆ(هـاتن بـۆ لامـان و پاشـان ڕێکخراوێـك بەناوی(ریچ).

پرسیار: حەز دەکەن بۆ گۆمەزەرد بگەڕێنەوە؟



وڵام: نەخێر! لەبەر ئـەوەی داهاتێکی وای نییـە و هـەروا قوتابخانـە و جـادە و لەوەڕیـشی نییـە. بێجگـە لەوانـە ئەگـەر مـرۆڤ ناوسـکی نـەبێت، هـیچ سـوودی نییە!

ئۆپیراتـسیونی ئـەنفال تـەنها پەیەونـدی بـە چارەنووسـی ئـەنفالکراوان نییـە، بـەڵکو هـەزاران کـەس لـە پاشمـاوەی خێزانـە ئـەنفالکراوەکان بەشـێکی زووۆر گرنگن لەو تراژیدیایە.

حەنیفە مەحمود(تەمەن22ساڵ) وتـی: مـن هیـچم لـەبیر نییـە. ئـەو کـات مـن تەمـەنم 4 سـاڵ بـوو. دایکوبـاوکم و دوو بـرام ئـەنفالکران: (مـەحمود خەلیفـە قـادر، کافیـە قـادر، ئەحمـەد و عومـەر) و خۆیشم لە لیواکە زیندانی بووم. منیان ئازادکرد و سەلا ئەحمەد حەمەساڵح کـە خزمـی دایکمـە و خـەڵکی خەرجانەیـە، منی بۆ ماڵی خۆی برد و پاشان کەوتمە لای نەنك و باپیرم. من چارەنووسیان نازانم. تـا ڕوخانـدنی سـەدام چاوەڕوانیمان هەبوو، بەڵام پاش ڕوخاندنی حکومەتەکەی، ئیتر بێ ئومید بووین.

پرسیار: بەبیرت دێت ئەو کاتە زیاتر بیرت لەچی دەکردەوە؟

وڵام: کاتێ منداڵەکانیتر لەگـەل دایکوباوکیـان دەبـینی، پرسـیاری دایکوبـاوکی خـۆمم دەکـرد...بۆچـی مـن بـێ دایکوبـاوکم نییەو نەیشمدەزانی چییان بەسەر هاتووە؟ کاتێ تەمەنم بوو بـە 10سـاڵ و لەسـنفی پێنجی سـەرەتایی بـووم، بـاپیرەم کارەساتەکەی بۆ گێڕامەوە.

پرسیار: لەبارەی دادگاییکردنی سەدام هەست بەچی دەکەن و چاوەڕوانی چی لەو دادگایە دەکەن؟

وڵام: وەك كچی ئەو دایكوباوكە و خوشكی دوو برا داواكارم بەشێوەیەكی عادیلانە دادگایی بكرێت و پێمان بڵێت بۆچی كەسوكارەكەم و ئەو خەڵكەی ئەنفالكرد. ئەوجا چی بە كوردی كرد، دەبێ هەمان شتی لەتەكدا بكرێت. كاتێ دەبینم سەدام لەشاشەی تەلەفزیونەكە قسەدەكات و پێدەكەنێ، حەز دەكەم پەنجە بكەمە چاوی.

پرسیار: ئامادەی سكالا لەسەر سەددام تۆمار بكەیت و لە داداگاكردنەكەی ئامادە بن؟

وڵام: بەڵێ

پرسیار: داوای چی دەكەن؟

وڵام: داوادەكەم سەدام وڵامی پرسیارەكەم بداتەوە((بۆچی دایكوباوك كە كاری سیاسی و پێشمەرگەیاتیان نەدەكرد و زیانیان بۆ كەس نەبوو و دوو براكەم كە منداڵ بوون، ئەنفالكران؟)).



كاك عەبدولهادی قادر مەحمود وتی: من دوو منداڵم ئەنفالكران(مەحەمەد عەبدولهادی و عەتا(ئەو كات 8012ساڵ بوون)

پرسیار: داوای چی لە دادگا دەكەی؟

وڵام: داوادەكەم سەدام و دارودەستەكەی بە توندی سزابدەن و شوێنی منداڵ و كەسوكارەكانم دیاری بكەن.




رەعدە عەلی فەرەج وتی: منیش خەڵكی گۆمەشینم و خوشكەكەم(بەدری، تەمەن25ساڵ)ئەنفالكرا.

پرسیار: دادگاییكردنەكەی سەدام و دارودەستەكەی دەبینی؟

وڵام: بەڵێ، بەڵام چی لێ بكەین؟!

پرسیار:چاوەڕوانی چی دەكەن لە دادگا؟

وڵام: هیچ. من دەمەوێ سەدام بۆ ئێرە بهێنن و خۆمان دەزانین چی لێدەكەین.



كاك(حوسین قادر مەحەمەد)یش وتی: چوار منداڵم(مەهاباد، ئاوات، ئازاد، )و دایكیان(بەدریە عەلی فەرەج)، ئەنفالكران.

پرسیار: ئامادەی لە دادگاییكردنەكەی سەدام بەشداری بكەی؟

وڵام: ئامادەم دوو پەنجە بكەمە چاوی.

پرسیار: داوای چی لە دادگا دەكەی؟


وڵام: دادگاییكردنە بەدڵمە و حەزدەكەم بەشێوەیەكی دادپەروەرانە و تا دوا هەناسە پرسیاری لێ بكەن>بۆچی وای بەسەرمان هێنا؟< بەڵام داواكارم سەدام و دارودەستەكەی بۆ رزگاری بهێنن و لەبەرچاوی خۆمان دادگایی بكەن. رزگاری مەڵبەندی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانن. چاوەڕوانم سزای مەرگیان بدەن.

پرسیار: ئایا هیچ بەرپرسێك سەردانی گۆمەزەردی كردووە؟

وڵام: نەخێر. ئەوان خەریكی تەماعی خۆیانن و ئێمەیان لەبیرچووە.

پرسیار: هیچ كارێكی خزمەتگوزاریان بۆ ئێوە كردووە؟

وڵام: نەخێ، ئەوە نەبێت مانگانە بۆ 5منداڵ و هاوسەرە ئەنفالكراوەكانم، 150هەزار دینارم دەدەنێ. هیوادارم(سەدام)ان بۆ لەناوببەن، ئەوجا ئاوڕێك لە ئێمەش بدەنەوە.



گەرچی کاك موستەفا زۆر لە سەردان و ناونووسینەکان وەڕس بوو و لەبارەی چاککردنی بارودۆخی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان رەشبین ببوو، بەڵام هەر دۆستانە هاتە پێشەوە و وتی: 5 منداڵم و دایکیان ئەنفالکران(جەزا، پیرۆز، مەهروم، مەحمود، مەحەمەد و کافیە حەمەئەمین). من نزیکەی 6مانگ و 20رۆژ لە نوگرە سەلمان بووم. نزیکەی 6هەزار کەس بووین، نیوەمان گیانیان لەدەستدا و بەرپرسەکان تەنانەت نەیاندەهێشت گۆڕیان بۆ هەڵکەنین... نیوەیان سەگ دەیانیخوارد.... یەکێك لە ئەمنەکان سەگێکیانی کوشت.

پرسیار: ئامادەی وەك شایەتحاڵ بەشداری لە دادگاییکردنی سەدام بکەی؟

وڵام: من بۆم ناکرێت...من هەواڵەی خوایان دەکەم

پرسیار: دادگاییکردنەکەی سەدام دەبینی؟

وڵام: نەخێر. من قەت نامەوێت تەماشای دادگاییکردنەکە بکەم.

پرسیار: چاوەڕوانی چی لە دادگا دەکەی؟

وڵام: نازانم. ئەگەر هەق هەبێت، ئەوا دەبێ هەموو شتێك بە سەدام و دارودەستەکەی بکەن.

پرسیار: کەس سەردانتان دەکات؟

وڵام: نەخێر بەرپرسەکان لە رزگاری بە قسەی باش لەگەڵمان دەدوێن، بەڵام هیچمان بۆ ناکەن. ئاوەکەمان لەسەر ئەرکی خۆمان راکێشاوە.

چۆن دەژێن: مانگانە 150هەزار دینارم پێدەدەن، بەڵام ئەو بڕە پارەیە بەشمان ناکات. لەپاڵیەوە ئەم دوکانە بچوکەم هەیە...



کاك مەحەمەد مەجید کە خەڵکی ئاوایی(حەیدەرە سوور)ە و 150کەس لە برا، خوشك، ئامۆزا، پورزا، خاڵۆزای ئەنفالکران، لەبارەی دادگاییکردنی سەدام و دارودەستەی وتی: ئەوە دادگاییکردنێکی دادپەروەرانەی دەسەڵاتێکی درندەیە کە جینۆسایدی گەلی کوردی کردو ئاواییەکەمان نموویەکی زیندووە بۆ ئەو وەحشیگەرییە. زۆربەی ئەوانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، هیچ کەسێکیان چەکدار نەبوون، بەڵکو منداڵی یەك مانگە تا دەگاتە ئافرەت، گەنج و پیر و پەککەوتە کە هیچ تاوانێکیان نەبوو، تەنها ئەوە نەبێت کە کورد بوون. بۆیە لێرەدا بەرەوای دەزانم پێویستە سەدام و دارودەستەکەی لەو دادگایەدا و هەموو تاوانەکانی دژی گەلی کوردستان بخرێتە بەدەستیان و ئەوانەش کە هاوکاری بوون و بە چەکی کیمیاوی پڕچەکیان کرد، دادگایی بکرێن تا چیتر ئەو جۆرە تاوانانە لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجام نەدرێت. هەروەها ئەوانەی کە هاوکاری بوون بۆ جێبەجێکردنی ئەو تاوانە، مەبەستم جاشەکانە، بۆ بەردەم دادگا راپێچ بکرێن، کە بەداخەوە هەندێکیان بۆ ماوەی 15ساڵە لە کوردستان دەسەڵاتدارن. داواشم وایە قەرەبووی زیانی قوربانییەکان بکرێت و هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی ئێسك و پروسکی قوربانیان بدۆزرێتەوە و شوێنێکی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت و ببێت بە شوێنێکی مێژوویی دیار، تا نەوەکانی داهاتوو تاوانی جینۆساید لە بیرنەکەن.

لەم دادگاییکردنەدا، رۆڵی کۆمپانییەکانی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی پشتگوێخراوە، و بەتایبەتی کۆمپانییەکانی چەکی کیمیاوی ئەڵمانی کە بەهەموو شێوەیەك هاریکاری رژێمی سەدامیان کرد بۆ دروستکردن و بەکارهێنانی ئەو چەکە. شوێنی خۆیەتی داوای دادگاییکردنی ئەو تاوانبارانەش بکرێت، چونکە لەدواییدا تاوانی ئەنفال، رەهەندێکی جیهانیشی هەیە و کۆمپانیا و دەزگا میلیاریستییەکان رۆڵی ترسناکی خۆیان لەو تاوانە گێڕا.

**(گۆمەزەرد) نموونەیەکیترە بۆ ئاواییەکی لەناو خوێن خەڵتانکراو پەراوێزکراوی گەرمیان. حکومەتی کوردستان بە هەموو شێوەیەك زۆر کورتیهێناوەو هیچ بیانوو و پاساوێك لێی قبوولّ ناکرێت، بەڵام ئێستا ئیتر دبێ حکومەت لە ئاستی بەرپرسیارییەتی بێت بۆ گەشەپێدان و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ دانیشتوانەکەی و قەرەبووی زیانە رووحی و ماددیەکانیان بکەنەوە.**

2006/8/25

**سەلام عەبدوڵا**

07701929872

dwaroj@yahoo.de